# گەل ROJI GEL
# ڕۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی رۆشنبیریی گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (١٦٩) یەکشەممە ٢٠٠٧/٣/٤


## کەنعان ئێڤرەن: دەوڵەتی کوردستان دروست دەبێ

کەنعان ئێڤەرەن کە لە ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ کۆدێتای سەربازی لە تورکیا کرد و دوایی بوو بە سەرۆککۆمار، لەم رۆژانەدا رامانی خۆی سەبارەت بە باشووری کوردستان پێشان داوەو گوتوویەتی: ئەوان پەرلەمان و حکومەت و سەرۆکیان هەیە، تاڵەبانی وەک سەرۆک کۆماری عێراق هەڵبژێردراوەو بارزانیش سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، ئیتر ئێمە هەرچەند بڵێین نا ئەوە لەوێ دەوڵەتێکی کوردی دروست دەبێ. ئێمە هۆکاری ئەوەین چونکە کاتی خۆی هیچمان نەکرد، ئێستاش هیچمان پێناکرێ. دەبێ ئێمە مافی خۆمان لە کەرکوک بپارێزین، بەڵام ناچینە ناو خاکی ئەوان، دەبێ یان شەڕیان لەگەڵ بکەین یان دانوستاندن. کاتی شەڕ بەسەرچووە با دانوستاندن لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکرێت.

# لە مانگی شوبات نزیکەی دوو هەزار عێراقی دەکوژرێن

هەواڵەکان: حکومەتی عێراق بە هاوکاری هێزەکانی ئەمریکا پلانی ئاسایشی شاری بەغدادیان پێرۆ کردو هیواخوازبوون لە دەستپێکدا هێمنایەتی بۆ شاری بەغداد بگەرێتەوە، بەڵام بە گوێرەی هەواڵەکان تەنیا لە مانگی شوباتدا ١٩٤٦ کەس کوژراون.

حکومەتی عێراق ئەو ژمارەیە بە ناراست دادەنێ و پێیوایە زیادەرۆیی تێدا هەیە بەڵام ئەگەر ژمارەکە لەوە کەمتریش بێ دیسانەوە زۆر ترسناکە



ئەگەر لە ماوەی ٢٨ رۆژدا ١٠٠٠ کەسیش کوژرابن.

لە لایەکی دیکەوە لیوا عەبدولکەریم خەلەف بەرێوەبەری ناوەندی سەرکردایەتی نیشتمانی لە وەزارەتی ناوەخۆی عێراق ئەو هەواڵەی باسی لەوەکردووە کە وەزارەتی ناوەخۆ راپۆرتێکی لەبارەی ژمارەی قوربانیانی توندوتیژی لە مانگی شوباتدا بڵاوکردۆتەوە، رەتکردەوە و گوتی :" وەزارەتی ناوەخۆ هیچ راپۆرتێکی لەبارەی ژمارەی قوربانیان لە مانگی شوبات بڵاونەکردۆتەوە.

### وەزیری دەرەوەی فەرەنسا

## ئێمە بەئاشکرا لەبەردەم دابەشبوونی عێراقداین

ئاژانسەکان: وەزیری دەرەوەی فەرەنسا دوای کۆتاییهاتنی سەردانەکەی بۆ قەتەرو گفتوگۆ کردنی لەگەڵ شێخ حامد جاسم بن جابری دووەمی وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە بەرۆژنامەنووسانی راگەیاند کە "ئێمە بەئاشکرا لەسەر ئەم راستییە تاڵە کۆکین کە دابەشبوونی عێراق لەئانو ساتدایە." بلازی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا وتی : تەنها ریگەچارە بۆ ریگرتن لەهەڵخلیسکانی عێراق بەرەو ئاژاوەی زیاتر کشانەوەی هێزە فرە رەگەزەکانە لەو وڵاتە لەساڵی ٢٠٠٨و دامەزراندنی حکومەتێکی خۆماڵی کە یاسا تیا سەرووەر بێت.

وەزیری دەرەوەی قەتەریش شێخ حامد جاسم وتی : لەم ساتەوەختەدا تەنانەت کاربەدەستانی عێراقیش هەست بەبێ توانایی خۆیان دەکەن لەچارەسەرکردنی گرفتو کێشەکانی وڵاتەکەیاندا. ئەم لێدوانەی بلازی لەکاتێکدایە کە وا بریارە هەفتەی داهاتوو لە٣/١٠دا کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق بەبەشداری فەرەنساو ئەمەریکاو بەریتانیاو روسیاو چینو ئێرانو سوریا لەبەغدای پایتەختی عێراق ببەسترێت .

## تورکیاو عێراق بۆ دوو ساڵی تر ریفراندۆمی کەرکوک دوادەخەن

رۆژنامەی تودەی زەمانی تورکی نوسویەتی:حکومەتی تورکیاو عێراق لەسەر ئەوە کۆکن کە ماددەی ١٤٠ی تایبەت بەریفراندۆمی کەرکوک لەکۆتایی ئەمساڵدا ئەنجام نەدریو بۆ دوو ساڵی تر دوا بخرێت. رۆژنامەی تودەی زەمان کە بەزمانی ئینگلیزی لەتورکیا بڵاودەبێتەوە لەژمارەی پێرێیدا ٢٠٠٧/٣/٢ هەواڵی ئەوەی بڵاوکردەوە کە لەکاتی سەردانی هەفتەی رابردووی جێگری سەرۆک کۆمار عادل عەبدولمەهدیدا بۆ تورکیا هەردوولا لەسەر ئەوە رێککەوتون کە پرۆسەی ریفراندۆمی کەرکوک لەکۆتایی ئەمساڵدا ئەنجام نەدرێتو بۆ وادەی دوو ساڵی تردوابخرێت. هەروەها رۆژنامەکە ئاماژە بەوە دەکات کە ئاژانسی دەنگوباسی عێراقیش هەواڵی ئەوەی بڵاوکردەوە کە عادل عەبدولمەهدی وتویەتی کە حکومەتی عێراقو تورکیا کار بۆ ئەوە دەکەن کە ریفراندۆمی کەرکوک لەوادەی دیاریکراوی خۆیدا بەپێی ماددەی ١٤٠ی دەستور ئەنجام نەدرێت وابخرێت .

## ئەفسەرانی ئەمریکا هۆشیاری بە سەرکۆمار دەدەن



هەواڵەکان: شارەزایانی بواری سەربازی پێیانوایە تەنیا ٦ مانگ لەبەردەم وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ماوەتەوە تا چارەنووسی خۆی لە عێراق دیاری بکات، ئەگەر بێت و لەماوەی ٦ مانگدا واتە تا کۆتایی مانگی تەموز ئەگەر نەتوانن سەرکەوتن بەدەست بێنن و ئاسایش و ئارامی بۆ عێراق بگێرنەوە یان دەبێ شکستێکی دیکەی وەک ڤێتنام پەسند بکەن یان دەبێ عێراق هەڵوەشێننەوە. ئەم هۆیەش وای کردووە کە ئەمریکا ئامادەیی خۆی راگەیاندووە بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی وڵاتانی دراوسێی عێراق کە لە١٠ ی مانگی ئازار لە بەغداد دەبەسترێ ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەمریکا پێشتر هەریەکە لە سوریا و ئێران بەتەوەری شەڕ ناو نابوو، بەڵام بۆ دەربازبوون لە کارەساتی عێراق ئامادەیە لەگەڵ ئەواندا کۆببێتەوە.

لەراپۆرتێکدا لەژێر ناو و سەرکردەکانی ئەمریکا دانی پیدەنێن کە لە رۆژنامەی گاردیاندا بڵاوکراوەتەوە، هاتووە: ئێمە هەر رووبەرووی کێشەیەکی لە وێنەی ڤێتنام دەبینەوە.

## رۆژەڤ

کاربەدەستانی تورکیا سەبارەت بە باشووری کوردستان لە نێوان دڵەڕاوکێ و ترس و گوماندا دەژین. هەندێجار بە زمانی هەڕەشە دەدوێن و هەندێجاریش باس لە دانوستاندن و گفتوگۆ دەکەن.

ساڵی رابردوو کاربەدەستانی حکومەتی تورکیا زمانی هەڕەشەو ترس و تۆقاندنیان تاقیکردەوە، بەڵام دیتیان بەرهەمی نابێت، نەکورد بە چۆک دادێ و نە ئەمریکاو وڵاتانی ئەورووپاش وەکو جاران چرای سەوزیان بۆ دادەگیرسێنن. ئێستا کە هەموو سیاسەتمەدارانی رۆژهەڵاتی ناڤین و جیهان باس لەوە دەکەن کە ساڵی ٢٠٠٧ بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ساڵێکی یەکلاکەرەوە دەبێ، ئیتر کاربەدەستانی تورکیا دەیانەوێ خۆیان لەگەڵ ئەو بۆچوونانە بگونجێنن. ئەوان چاک دەزانن کە لەشکرکێشییان بۆ باشووری کوردستان پێناکرێ، ئەگەر بێنە باشووریش ئەوە زۆر زەرەر دەکەن و تێدەچن و هەڵوەشانەوەی تورکیا دێتە رۆژەڤەوە. بۆیە ماوەیەکە مشتومڕی زۆر لەنێوان پەرلەمان و حکومەت و پارتەکانی دیکەدا هەیە، زۆربەیان پێیانوایە ئیتر دەلیڤەی شەڕ لەبارچووەو ناتوانن بە شەڕ کورد لەناو ببەن و ناشتوانن باشووری کورستان و شاری کەرکوک داگیر بکەن، ئیتر باشتر وایە کە زمانی سەردەم بەکار بهێنین و لەرێگەی ئاشتییەوە پشکی خۆشمان لە کەرکوک وەدەست بێنین. بەوهۆیەوە دەردەکەوێ کە تورکیا مرخی خۆی لە سامانی کەرکوک خۆش کردووە، نە لە خەمی تورکان دایەو نە باکی بە کوشتانی مرۆڤەکانیش هەیە.

تەیب رەجەب ئەردۆگان لەم رۆژانەدا لە دیدارێکی کەناڵی ئاسمانی ئەلجەزیرەدا راشکاوانە رایگەیاند کە ئەوان نایانەوێ کەرکوک بکەوێتەوە دەست یەک نەتەوە. واتا نایانەوێ کەرکوک بگەرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان. مخابن هێشتا روون نیە تورکیا چ دانوستاندنێکی لەگەڵ هەرێمی کورستان دەوێ، بەڵام پەرلەمان و حکومەت و سەرۆکایەتی کوردستان ئامادەیی خۆیان پێشانداو خەنەبەندانی بۆ دەگرن. هێشتا کاربەدەستانی تورکیا لەسەر زمانی دانوستاندن ساغ نەبوونەتەوە، لە خەمی ئەوەدان چۆن زۆرترین دەسکەوتیان دەست بکەوێت، بۆیە هەق نیە کاربەدەستانی کوردستانیش پەلەی تێدابەکەن. بە جارێ کوردیش چاوەڕوان بکات و بزانێ دوایین بڕیاری تورکیا چی دەبێ و داوای چی دەکات، ئەوسا ئامادەیی خۆی بۆ دانوستاندن پێشان بدات، ئەگەر دانوستاندنیش کارا نەبێ کورد شاننزمی بۆ تورکیا بکات، نابێ کاربەدەستانی کوردستان پشکی تورکیا لەسامانی کەرکوک بدەن، چونکە کەرکوک بەخەڵک و شارو سامانییەوە کوردستانەو مافی دەوڵەتانی دیکەی بەسەرەوە نییە.

## ئۆجەلان لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە ژەهرخواردوو دەکرێ



لە کۆبونەوەیەکی چاپەمەنیدا پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کریکارانی کوردستان، مەحمود شاکار و عیرفان دوندار و جولیانۆ پیسابیا، لەشاری رۆمای پایتەختی ئیتالیا ئاشکرایان کرد، کە بەرێز ئۆجەلان بەشێوەیەکی سیستەماتیک ژەهرخوارد کراوە و ئەگەر بێت و بەپەلە فریای نەکەون، ئەوا ژیانی لە مەترسیدایە و ئەگەری توشبوونی بەنەخۆشی شێرپەنجەی جەرگ هەیە.

پارێزەران داوایان لەحکومەتی ئیتالیا و رێکخراوی پارێزەرانی ئیتالیا کرد کە خاوەنداریتی لەبەرێز ئۆجەلان بکەن، لەبەر ئەوەی لەو وڵاتەدا پەنابەری سیاسی پێدراوە، هەروەها داوایان کرد هەرچی زووتر لیژنەیەک لە دکتۆرانی سەربەخۆ بچێتە دوورگەی ئیمراڵی و پشکنینی گشتی تەندروستی ئەنجام بدەن.

هاوکات زانرا کە بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر نمونەی موی سەری ئۆجەلان کراوە، دەرکەوتوە کە رێژەی سروشتی سترۆنۆسیۆم و مادەی کرۆم، لە لەشی دا ١٠ قات زیادی کردووە و ئەوەش وەکوو خەتەرێکی جدی دەبیندرێ.

پارێزەری ئیتالی جولیانۆ پیسابیا هەروەها ئاماژەی بەوەش کرد کە پێویستە هەموو خواردن و خواردنەوەیەک کە دەدرێ بە بەرێز ئۆجەلان، لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێ.

